دژتیرۆری عێراق کوشتنی سێ چەکداری داعشیان لە سنووری پارێزگای کەرکوك راگەیاند

هێزەکانی دژتیرۆری عێراق کوشتنی سێ چەکداری داعشیان لە سنووری پارێزگای کەرکوك راگەیاند، کە دووانیان بەرپرسی باڵای ئەو گروپە توندڕەوەن.

ئەمە یەکشەممە ٢٩ـی حوزەیرانی ٢٠٢٥، دەزگای دژتیرۆری عێراق لە راگەیەندراوەکدا باویکردووە، هێزەکانیان بە هاوکاریی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لە پەسەیەکدا لە سنووری پارێزگای کەرکوك، توانییان سێ چەکداری سەر بە گروپی تیرۆریستی داعش بکوژن.

باسی لەوەشکردووە، کوژرانی ئەو سێ چەکدارەی داعش، کە دوانیان بەرپرسی باڵای گروپەکەن، لە ئەنجامی بەسەیەکدا هات کە پەشتر زانیاریی ورد لەبارەی جموجووڵکانیان و شوێنی هاتووچۆ و خەڵشاردانیان بەردەست کەوتبوو.

ئاماژەی بەوەشکرد، پەسەکەش بە هاوکاری و هەماهەنگیی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا.